لە پێوەندی ساڵیادی رزگاریدا دەڵێن:

عومەر حەسەن: کارگێڕی (م.س) RPK

ئـەمڕۆ چـوارده سـاڵ بەسـەر راگەیاندنی حزبمان، حزبی رزگاریی کوردسـتان تێدەپـەڕێ. بـەم بۆنـە پـیرۆزەوە سـڵاو بـۆ سـەرجەم شـەهیدانی گەلەکـەمان دەنێـرم، ئەوانـــەی لەرێگـــەی رزگـــاریی‌و سەربەخۆیی کوردستان خۆیان بەخت کرد. هەروەها سڵاو و پیرۆزبایی بۆ هەموو ئەندام‌و دۆستان‌و لایەنـەگرانی حزبمـان دەنێـرم. چـوارده سـاڵ خەبات‌و تێکۆشان‌و خۆڕاگری لەپێناو بـەرز راگرتنـی خـەباتی رابـردووی پارتی گەل‌و چۆل نەکردنی سەنگەری سەربەخۆخوازی گەلەکەمان بووە.

ئـەو رۆژەی رزگاریمـان راگەیانـد لای زۆر خەڵك ئەستەم‌و گـران بووکە ئێمە بتوانین تەنها ٣ مانگ بەردەوام بـین، بـەڵام چونکە خـاوەن ئـیرادەو بـــیرو بۆچـــوون‌و هـــزری سـەربەخۆخوازانەی خۆمـان بـووین، توانیمـان خـۆ راگـرین‌و ئـیرادەو هەڵوێســتی خۆمـــان بپـــارێزین، تەسلیمی کەسی نەکـەین. لەوکاتـەی رزگاریی راگەیاندرا کوردستان بەرەو دوو تـەوەرەیی دەچـوو، ئامادەکـاری شەڕی نێوەخۆ بەرووئی هەستی پـێ دەکراو، لەکوردستان هـەموو شـتێك لـەپێناو نـاوی حـزب بـەخت دەکـرا. ئێمـە لـەم رۆژە دژوارەدا توانیمـان بـانگی سـەربەخۆخوازی درێـژە پـێ بدەین، رزگاریی لەماوەی ئەم چوارده سـاڵەدا گـەلێك هـەورازو نشـێوی سـەختی بڕیـوەو گـەلێك جـاریش غـەدری گـەورەی لەلایـەن حزبـە دەستەڵاتدارەکانەوە لێکراوە، بـەڵام هەمیشـــە وەڵامـــی رزگـــاریی شۆڕشـــگێڕانەو لەبەرژەوەنـــدی گەلەکـەمان بـووە، هـەرگیز کـارێکی وای نـەکردووە لێـی پەشـیمان بێـت. لەم چوارده سـاڵەدا هەڵوێسـتەکانمان روون‌و ئاشکرا بوون، شـانازیان پێـوە دەکـــەین، هـــەر چـــەندە بـــاجی گەورەشمان لەسـەر ئـەو هەڵوێسـتانە داوە، بـەڵام بـەرەواترمان زانیـوەو هەرگیز لێیان پەشـیمان نەبووینەوەو بەتایبـەتی لەسـەر سـەربەخۆخوازی‌و بـەدیموکراتیزەکردن‌و ئـازادی تـاك‌و ئازادی راگەیاندن‌و دادی کۆمەڵایەتی، رزگـــاری لەپێشـــهات‌و سیاســـەتی مۆدێرنانە لەدوای خەڵك نەبووە، ئێمە فیدراڵیمان کردە پڕۆژەی هەڵبـژاردنی ساڵی ١٩٩٢، ئێمەبووین لـە ١٩٩٣ بـۆ یەکلایی کردنـەوەی کێشـەی سیاسی کوردســتان ریفرانـــدۆممان کـــردە دروشم، خۆشبەختانە دوای چـەندین ساڵ خەڵکی تـر هـاتن‌و ریفرانـدۆمیان پەسـند کـرد. خۆشـبەختانە هـەموو دروشم‌و داواکاریەکانی ئێمە پەسندن، جێگەدەگرن، ئەوەش مانـای ئەوەیـە سـەرکردایەتی رزگـاریی لەسیاسـەت‌و پێشهاتەکانیدا دووربین‌و وردبینن.

ئـەمڕۆ قۆنـاغێکی تـازە هاتووتـە پێش، وا دەخوازێ کە چارەسەکردنی کێشـەی گەلەکـەمان راسـتگۆیانەو ئازایانە بهێنینە مەیدان، بەتایبـەتیش مەسەلەی کەرکوك ،دەبێ بە ئاشکراو بێ دوودڵی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی و حکومـەتی ئـەمریکا هـەوڵ بـدرێت، چـیتر ئـەم کێشـەیە دوانەکـەوێت‌و یەکلایی بکرێتـەوە، بگەڕێتـەوە سـەر کوردســتان. ئـــەمڕۆ رزگـــاریی لەســـەنگەری ئۆپۆزیســـێۆن دایـــەو دەبێـــت لەگـــەڵ داخـــوازی‌و داوا رەواکـانی خـەڵکی کوردسـتان بێـت. داواکانیان بەڕەوا بزانرێت‌و هەوڵی بـە دیموکراتیزەکردن و ئازادی رادەربڕین بدات.

هۆشیار عەبدولرەحمان: ئەندامی (م.س) RPK

لەکاتێکـدا حزبمـان راگەیانـدنی خـۆی پـیرۆز دەکـات، خۆشـبەختانە داخـــوازی‌و لایـــەنگرانی کۆمـــەڵانی خـــەڵکی کوردســـتان بـــۆ دەوڵـــەتی سەربەخۆیی زیاترو فـراوانتر دەبێـت. ئەمەش خـاڵێکی گـەش‌و پڕشـنگدارە بـۆ حزبمـان کـە لـە چـوارده سـاڵی رابردوو تێکۆشان‌و خـەباتی سـەخت‌و ماندوونەناسانەی بـۆ کـردووە، جێـی خۆیـــەتی شـــانازی بەسیاســـەت‌و بۆچوونەکانی حزبمانەوە بکەین، کـەو چـەند واقیـع بینانـە هەڵسـوکەوتی لەگـــــەڵ رووداوو گۆڕانکـــــاری‌و پێشـهاتەکانی ناوچـەکەدا کـردووەو ئەنجامـەکانی لەگـەڵ سیاسـەتەکانی رزگاریـدا پێـك دێنـەوە، ئێسـتاش دەبینین زۆر لەسیاسەتمەدارانی دونیا باس لەدابەشبوون‌و دروست بـوونی کیانی کوردی دەکەن.

لەکۆتاییـــدا جـــارێکی تـــریش ساڵیادی رزگاری پیرۆز دەکەم هیوای پێشکەوتن‌و سـەرکەوتنی بـەردەوامی بـۆ دەخـوازم‌و بـەڵێن دەدەم وەك سەربازێکی وون هەوڵ‌و توانـام زیـاتر لەپێناویـدا دەخەمەگـەڕ، بـەڵێن بەشەهیدانیش دەدەم وەفادار لەگـەڵ پـــەیمانیان دەمێنمـــەوەو وەك رێبـوارێکی خۆنەویسـت درێـژە بـە رێگەکەیان دەدەم.

ئەمیری حاجی محەمەد: ئەندامی (م.س) RPK

بـە بۆنـەی تێپـەڕبوونی ١٤ سـاڵ بەســەر راگەیانـدنی حزبمـان، حزبـی رزگـاریی کوردسـتان،بەش بـە خـۆم پیرۆزبایی گـەرم‌و ئەمەکداری پێشکەش بـەتێکڕای ئەندام‌و دۆسـت‌و لایـەنگرانی حزبمـان دەکـەم، هیـوای سـەرکەوتن‌و تەندروستی باشیان بۆ دەخوازم.

ئەمساڵ یادی ١٤ساڵەی راگەیانـدنی حزبـی رزگـاریی جیاوازیـەکی بەرچـاوی لەگەڵ ساڵانیتردا هەبوو، ئەو جیاوازیەش لەوەدا دەبینرێ کە لەلایەکەوە ئەندامانی حزب بەگوڕوتینێکی تیژەوە رێورەسمی ساڵیادەکەیان بـەرپاکرد، هەست دەکـرا کـە ئەندامان‌و کـادیران ئومێدەواریـەکی تایبـــەت، دڵ‌و دەرونیـــانی گـــەش کردبـــووەوە، حـــزب‌و لایەنـــە سیاسـییەکانیش گرنگیـەکی تایبـەتیان پێـدابوو، ئـەم گرنگیـەش لەشـێوەی بەشداری کردنیانـدا بەرچـاوکەوت، چ بـە بروسکەی پیرۆزبایی‌و چ بـە سـەردانیان، رەنگوبـۆی سـەردانەکان‌و گفتوگـۆو دەربڕینـەکانیان بەلگەیـەك بـوو بـۆ ئـەم جیاوازیەی ئەمساڵی یادکردنەوەکە.

حـزب ئامرازێکـە بـۆ رێکخسـتن‌و سـاماندانی ئـیرادەی جـەماوەر، حزبـی رزگاریش سەرەڕای هەموو ئـەو قـەیران‌و کۆسپ‌و تەگەرەیە کە بەسەریا سەپابوو، هـــەر لـــەکاتی راگەیاندنییـــەوە تـــا هەنووکـەش خـۆی بـەو ئـامرازە کارایـە دەزانێ کە لەلایەکەوە ئـیرادەو هەسـت‌و ئامانجـەکانی خـەڵکی کوردسـتان بـەپێی توانای خۆی رێکبخات‌و لەلایەکیتریشەوە گشت وزەو هێزو توانای خۆی بخاتەگەڕ بـۆ خزمـەت کردنـی ئامانجـە رەواکـانی گـــەل‌و نیشـــتمان، بۆیـــە ئەنـــدامانی دووچـاری ئـەو هـەموو کـەم‌و کـوڕی‌و جـەنگی رەوانیـە بوونەتـەوەو لەگـەڵ تەگەرەکانیشـا دەسـت‌و پەنجـە نـەرم دەکـەن، ئەنـدامانی حزبـی رزگـاریی کوردســتان بەمێـــژووی پاکوخـــاوێن‌و خەباتی شاخ‌و بەربەرەکانێی ناوشاریش چ لـــەکاتی دروســـت بـــوونی حزبـــی رزگارییەوەو چ لـەپێش حزبـی رزگـاریش شانازی دەکەن، مخابن ئەندامانی حزبـی رزگـــاری تـــاکو ئێســـتا حیســـابی هاوولاتیشیان بۆ نەکراوە.

حـــزب لەســـەر بیروبـــاوەڕو بەرژەوەندی‌و ئامانجی هاوبەش لەلایەن هەندێ کەسایەتیەوە دروست دەکرێ‌و گەشـە دەکـات‌و مەبەسـت‌و مەرامیشـی گەیشـتن بەدەسـەڵاتە، مەبەسـتم لـەو حزبانەیـە کـە دروشمـی دیموکراسـی هەڵدەبژێرن. لـەو سـۆنگەیەوە دەیـەوێ خزمـەت بـە وڵاتەکـەی بکـات، بـەرەو دیمـوکراتیزەکردنی وڵاتەکـەی خـەبات دەکـات، سـۆزی ژیـانی ئاسـودە و بـێ خەمی بە جەماوەر دەدات، ئەمەش خۆی لەخۆیـدا کـارێکی پـیرۆزەو جێگـەی رێـز لێگرتن‌و پەسندی خەڵکە، بـەڵام مخابن وەکو بڵێی بـووە بـەکولتور کـە گەیشـتە دەسەڵات هەموو بەڵێن‌و پەیمانەکانی کە بەخەڵکی داوە، هەر زوو لەبیردەباتـەوەو ئەوانیتر بەلاوە دەنێ.

فەهمی سلێڤانەیی: ئەندامی (م.س) RPK

حزبـا رزگـــاری کوردســـتان د ساڵیادا خوەیا ١٤دانده، ئەز بگـەرمی پیرۆزبـاهی یـێ ل خـوەو سـکرتێری گشـتی‌و سـەرکردەو ئەنـدام‌و کـادرو لایـەنگرێن وێ دەکـەم یگشـتی‌و هـەر سێزده شەهیدێن سوارێن بەهـدینان‌و تـەڤایا شـەهیدێن بزاڤـا رزگاری‌یـا ئـازادی‌خوازێن دۆزا نەتـەوا کـوردو کوردستانێ (هەر چوار پارچا دکـەم، بتایبـەتی ١٤ســـاڵێن بـــەرخوەدانێ‌و ململانـا سیاسـی دگۆرەپانـا باشـۆرێ کوردســـتانا رزگـــار کـــری‌دە، بارودۆخـەکێ قورسـێ گۆرانکـاری‌و شەرو پێکدادانێدا مـەز بویـە، دنـاف بـــەرا دوو زلهێـــزێن کوردســـتانی‌و جیهانی، ئـەوژی شـەرێ خوەکـوژی و بەربەنـــدی‌یا هێـــزێن دیموکراســـی خـــوازێن جیهـــانێ دژی تـــەرۆرو تەرۆریزمێ، حزبا رزگاری دکاودانەکێ زۆرێ نازکـدا دژیـا ، رێبـازا پـارتی گـــەل‌و کـــەلتورێ وێ یـــێ شۆرەشگێڕانە، کو درێژە پێدەرێ وێ رێبـازێ بیـت. بـەلێ ژ دەسـت پێکـا راگەهانـدنا حزبـا رزگـاری تـا ئـیرۆ ئارمانجـا سـەرەکی پێکئینانـا بەرەیەکێ ئۆپۆزیسیۆنی بـووەو ئـیرۆ گەهاوێ ئارمانجێن، ئەوژی راگەهاندنا پرۆژێ بـەرەیێ گۆرانـا دیموکراسـی‌یا کوردسـتانێ دگـەل هەرسـێ پـارتێن دی، کو ئیرۆ بۆیە جهێ رەزامەندی‌یا بهترێن خەڵکێ کوردسـتانێ بگشـتی‌و تەفا رەوشـە بنـبیرو زەحمەتکێشـی‌و هەژارێن وێ بتایبەتی! ددەسـت پێکـا دامەزراندنا پـارتی گـەل‌و راگەهانـدنا حزبا رزگاریی، هەموو کادرو ئەندام‌و لایەنگرێن وێ هاتینە پەروەردەکردن، لســـەر ڤـــێ سیســـتەمێ پـــاکێ مرۆڤایەتی‌و شارستانی، کو هـەردەم دژ ی کارێن نارەواو گەندەلی‌و دزو جەردان بێ، نمونێن پێشکەفتن‌و یـەکگرتنێ بـێ‌و هـەردەم خـوە چـەکداری هەسـتێ نەتـەوێ کریـەو ئیمان‌و باوەرێ بـەر خـوە دانـێ‌و بـۆ وێ ئارمـانجێن خەباتیـەو هـەر وێ بـەردەوام لسـەر وێ خـەباتێ تـاکو چ کە نە بـێ ترسو سـتەما خـوە دنـاف گیانێ وانده بچینێ.

کەژاڵ عەلی: بەرپرسی کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی



لەسـالیادی راگەیانـدنی حزبمـان، حزبـی رزگـاریی کوردسـتان جـوانترین‌و گەرمترین پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی یەك بەیەکی ئەندامانی کۆمیتـەی پارێزگـای سلێمانی‌و سەرجەم ئەندام‌و لایـەنگرانی حـزب دەکـەم دیـارە... راگەیانـدنی رزگاری.. راگەیاندنی نـوێ بوونـەوە .. راگەیانـدنی سـەربەخۆیی.. راگەیانـدنی تێکـڕای بەهامرۆڤایەتیەکانـە لەمێـژوو خـەباتی نەپساوەی بـەردەوامی بزاڤـی رزگاریخوازیدا، زۆر راشکاوانە.. حزبمـان لەمێژووی ١٤ ساڵی پڕشـکۆو سـەروەری خۆیـدا هەمیشـە خـاوەنی هەڵوێسـت‌و بـوێری بـووە لەسـەرجەمی پێشـهات‌و روداوو گۆڕانکاریەکانـدا هەڵوێسـت‌و رامـانی تایبـەتی بـەخۆی هـەبووە، هەربۆیـە زۆرجـار بەچـاوی ناحـەزەوە سەیرکراوە.

لەمڕۆی کاروانی بەردەوامی خەباتدا کوردسـتان خـۆی لەبـەردەم گـۆڕانێکی گـەورەدا دەبینێتـەوە بۆیـە پیوێسـتە پێشـهاتەکان بـەوردی بخوێنینـەوەو چارەســـەرێك بـــۆ کێشـــە هەڵپەسێردراوەکانی کوردستان بکرێت. لەم نێوەندەدا حزبمـان گرنگییـەکی زۆر بەگێڕانەوەی کەرکوك بـۆ سـەر هـەرێمی کوردستان دەدات.

ئـەمڕۆ رزگـاری پێشـەنگی بـەرەی ئۆپۆزیسیۆنە لەکوردستاندا، دەمانەوێت لەرێگـەی ئۆپۆزیسـیۆنەوە دیمـوکراتی‌و خۆشگوزەرانی بۆ گەلەکەمان بەرجەستە بکـــەین هـــەروەك دەمانـــەوێت کەمووکوڕیـەکانی دەسـەڵات ئاشـکرا بکـەین بـۆ ئـەوەی چارەسـەربکرێت‌و خـەڵکی کوردسـتانیش لەسـەر شـێوازی دیموکراتی رابهێنرێت.

سـەروەی بـۆ ١٥ی ئـاب سـاڵیادی راگەیاندنی حزبی رزگاری کوردستان

شیلان عەبدوڵڵا سەعید: جێگری کۆمیتەی ناوەندی

سڵاوی رزگاریی‌و سەرخۆبوون

لەم پێوەندەییەدا سڵاوی گەرم بـۆ کەسوکاری شەهیدە نـەمرەکانی رێگـەی رزگـاریی کوردسـتان دەنێـرین، بـەڵێنی خۆشـمان بـۆ شـەهیدەکانمان دووپـات دەکەینـەوە، کـە تـا گەیشـتن بـە کوردســتانێکی ســەربەخۆو گـــەلێکی بەختیار ئێمە بەردەوام دەبین لەخەبات‌و تێکۆشان.

ئومێـدەوارم هـەموو سـاڵێك لـەم بۆنەیەدا، نـوێ بوونەوەیـەك هـەبێت بـۆ درێژەپێـدان بـەکاری سیاسـی، بـەرەو گۆڕانێکی پێشکەوتنخواز لەژێر دروشمی نیشـتمانێکی سـەربەخۆ، کۆمەڵگەیـەکی بەختەوەر، جیهانێکی باش.

لەیادکردنـــــەوەی ئەمســـــاڵی RPKیـــدا، دەســـتکەوتێکی گـــەورەو گـرنگ لەئارادایـە کـە ئـەویش دروسـت بـــوونی پـــڕۆژەی پێشـــنیارکراو بـــۆ پێکهێنـانی بـەرەی گـۆڕانی دیمـوکراتی کوردســـتانە، بـــەکارێکی زۆر بـــاش‌و ســـەرکەوتووی دەبیـــنم‌و دەبوایـــە زۆر لەمـەو پـێش پێشـنیاری ئـەم بەرەیـە بکرابایە.

لـەم یـادەدا هیـوای سـەرکەوتن‌و پێشەوەچوونی زیـاتر بـۆ هەفتەنامـەی رۆژی گەلی ئازیز دەخوازم.

شکۆداربێ ١٥ی ئاب، ساڵڕۆژی راگەیاندنی حزبی رزگاری

کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان..
کرێکاران، زەحمەتکێشان..
ستەمدیدەو بەشمەینەتان..

چـوارده سـاڵ لەمەوبـەر بەمەبەسـتی بـەردەوامکردنی کـاروانی خـەباتی دێرینە، بۆ نۆژەنکردنەوەو بەرزڕاگرتنی مێژووی پارتی گەل، حزبی رزگـاریی کوردستان (RPK) راگەیەنرا. لەو پێوەندیەدا پێرۆزباهی لەخۆمان‌و تێکڕای سەربەخۆخوازانی کوردستان دەکەین، هاوکات سڵاوی ئەمەك‌و وەفـاداری بـۆ گیـانی پـاکی شـەهیدانی رێگـەی رزگـاری دەنێـرین، وێـڕای نوێکردنـەوەی پـەیمانمان، دڵنیایـان دەکەینـەوە تـا گەیشـتن بەنیشـتمانێکی سـەربەخۆو گـەلێکی بـەختیار تێکۆشـان درێـژەی دەبـێ‌و رێگـەی ئـەوان پـڕ رێبـوار دەمێنێتەوە.

راگەیاندنی RPK لەکاتێکدا بوو کە مەیدانی ئـازادی سیاسـی بەرتەسك دەکرایـەوە، بـەرەو دووتـەوەرەیی ئامادەکـاری دەکـراو نیشـانەکانی هەڵگیرسـانی شـەڕی نێوەخـۆ وەدیـار دەکـەوتن، بۆیـە درێـژەدان بـەرەوتی سـەربەخۆخوازی پێـداگرنێکی ئاشـکرای ژیـانی فرەحزبـی‌و پەسـندکردنی پرنسیپەکانی دیموکراسی بەرجەستە دەکرد. رزگاری نەمامی ئومێدی پانتایی هزرو مەیدانی سیاسەت بوو، دەیویست ئەزمونێکی نوێی بزاڤی رزگاریخوازیی گەلی کوردستان بێ، بەرژەوەندەکانی بـاڵای گـەل‌و نیشـتمان بکاتـە ئامـانج‌و راستوێژانە بۆیان تێبکۆشێ، ئـەمڕۆش کـە سـاڵیادی ١٥ی ئـاب دەکەینـەوە، شـانازی بەمێـژووی خـەبات‌و رامانـەکانی خۆمـان دەکـەین، سـەربەرزین کـە نەبووین بەسەنگەری شەڕی نێوەخۆ، بەختـەوەرین کـە دوای چـەندین سـاڵ لەدواین وێستەگەدا خواست‌و رامانەکانی ئێمە سەرکەوتن، لایەنە ناکۆکەکان ناچـاربوون یـەکتر قـەبوڵ بکـەن، ئێسـتاش کـاروانی کێبـەرکێ بەمەبەسـتی دیموکراتیزەکردنی باشووری کوردستان رێگەی گرتووە.

RPK بەدرێـژایی ١٤ سـاڵی رابـردوو، لـەپێناو رزگـاری‌و سـەربەخۆیی تێکۆشاوەو دروشمی بەڕێوەبردنی ریفراندۆمی بەرزکردۆتەوە، پێیوابـووە کـە تەنیا بەرزگاری‌و سەربەخۆیی کێشەی کوردستان چارەسـەر دەبـێ، سـتەمی نەتەوەیی کۆتایی دێ‌و ئاشـتی‌و ئـارامی بـۆ رۆژهـەڵاتی نـاڤین دەگەڕێتـەوە، ئـەمڕۆ لەکاتێکـدا کـە سـاڵیادی رزگـاری دەکەینـەوە خۆشـبەختانە بەشـێك لەخواستەکانی گـەلی کوردسـتان لەدەسـتووری هەمیشـەیی عێـراق جێگـەیان گرتـووە، فیـدراڵی دانـی پیـانراوە، بـەڵام چارەنووسـی کـەرکوك‌و ناوچـە دابڕاوەکانی دیکە جێگـەی نیگـەرانین، دەبـێ لایـە سیاسـیەکانی کوردسـتان هـاودەنگ‌و هاوهەڵوێسـت، لێبڕاوانـە لـەپێناو گێڕانـەوەیان دەسـتبەکاربن. لەلایـەکی دیکـەوە، ئـەمڕۆ لـەنێوان شـیعەو سـوننەدا بەخشـکەیی شـەڕێکی خوێناوی نێوەخۆ بەڕێوەدەچێ، ئارامی‌و هێمنایەتی بەنبەسـت گەیشـتووە، تـەڕو وشـك بەیەکـەوە دەسـووتێن، ئـەو کوردانـەی لەشـارە عەرەبیەکانـدا نیشتەجێن، راودەنرێن‌و دەکوژرێن. دوای ئەو قەیران‌و ئاڵۆزیە بەردەوامانـەی عێـراق، زۆرینـەی سیاسـەتمەدارانی جیهـان گەیشـتوونەتە ئـەو باوەڕەی کـە ئاکـام بەهەڵوەشـانەوە یـان بـەعێراقێکی کۆنفیـدراڵی کێشـەکان یـەکلایی دەبنەوە، دەبـێ هێزە سیاسیەکان‌و تێکڕای کوردستانیان بۆ قۆناغی داهـاتوو ئامادەکاریان هەبێ.

بەداخەوە ئاکامی ناشارستانیانەی لێ کەوتۆتەوە، لەهەندێ کاتدا بەگوللە وەڵامیـان دراوەتـەوە، برینـدارکراون‌و دەسـتگیرکراون، ئـەوانیش زیانیـان بەدامەزراوە گشتیەکان گەیاندووە، ئێمەی رزگاری لەکاتێکدا پشتیوانی تەواو لەداخوازیەکانی جەماوەر دەکـەین، لەدەسـتپێکدا دەخـوازین کـە گیراوەکـان ئـازاد بکـرێن‌و قـەیران‌و گرفتـەکان چارەسـەر بکـرێن‌و رێگەچـارەیەکیش بـۆ دیاردەی گەنـدەڵی‌و هاوێرکاریـەکان بدۆزرێتـەوەو دادپـەروەری کۆمەڵایـەتی پێـڕۆ بکـرێ، لەهـەمان کاتـدا خوازیـارین کـە جـەماوەر هۆشـیارانەتر مـافی رێپێـوان‌و خۆپێشـاندان‌و خسـتنەڕووی خواسـتەکانیان دەکـاربهێنن‌و سـیمای ژیاریی کۆمەڵگەی کوردەواری بپارێزن‌و پێشانی جیهانی بدەن.

ئەمڕۆ کە ساڵیادی راگەیاندنی رزگاری دەکرێتـەوە، دەبینین بـەبیانۆی هـەبوونی پێگـەی PKKەوە، تورکیـا‌و ئێـران سەرسـەختانە باشـووری کوردسـتان تۆپبـاران دەکـەن‌و زیـان بەگونـدو ئاوابیـەکان دەگەیـەنن، لـەم پێوەندیەدا ناڕەزایی دەردەبڕین‌و ئەو کردەوانە ریسوا دەکەین، هەروەها داوا لەحکومەتی هەرێم دەکەین کە هەڵوێستی ئاشکرا بنوێنی‌و داوا لەکۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بکات تا گوشارەکانیان چڕ بکەنەوە، ئەنکارا ناچار بکەن تا واز لەهەڕەشەی لەشکرکێشی بۆ ناو خاکی باشووری کوردستان بهێنێ.

ئـەمڕۆ گەڵاڵـەی داڕشـتنەوەی رۆژهـەڵاتی نـوێ لـەرۆژەڤی کارەکـانی دەوڵەتـە زلهێزەکـان دایـە، دەیانـەوێ کێشـە‌و گرفتـەکانی رۆژهـەڵاتی نـاڤین یەکلایی ببنەوە، گەل‌و نەتەوەکان بەئاشتی‌و ئارامی لەهاوسێیەتی یـەکتردا بژین، بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەو پڕۆژەیە، حکومەت‌و دەوڵەتەکانی هەرێمەکە لەبەردەم گۆڕانکاری گەورەدان، دەبـێ بزاڤـی رزگـاریخوازی گـەلی کوردسـتان وردبینانـەتر هاوکێشـە نێودەوڵەتیـەکان بخوێنێتـەوە، ئـەو دیـوی گەڵاڵەکـە ببینێ‌و شێلگیرانەتر هەوڵی ئەوە بدات بۆ بەرژەوەندی گشتی رایکێشێتەوە.

ئـەمڕۆ لەپێوەنـدی سـاڵیادی راگەیانـدنی رزگاریيـدا هەواڵـەکانمان بـۆ راستەڕێکردنی ژیانی حزبایـەتی لەکوردسـتان کـە خـۆی لەکێبـەرکێی نێـوان دەسـتەڵات‌و ئۆپۆزیسـیۆن، وەکـو دوو لایـەنی هـاوڕك دەبینێتـەوە، چـڕ دەکەینـەوە. هـەر بـۆ ئـەم مەبەسـتەش پـڕۆژەی پێکهێنـانی بـەرەی گـۆڕان پێشنیار کراوەو چوار لایەنی کوردستانی شێلگیرانە کاری بۆ دەکەن.

بەبڕوای ئێمە هـەبوونی بـەرەی ئۆپۆزیسـیۆن بەتـەواوی لەبەرژەوەنـدی کۆمەڵگـەی کـوردەواری‌و سیسـتەمی بـەڕێوەبردن دایـە، چـونکە هـەبوونی ئۆپۆزیسیۆن هەم هەژماری پرنسیپەکانی دیموکراسییە، هەم گیانی کارکردن‌و خزمەتگوزاری خێراتر دەکات، لەم سۆنگەیەوە داوا لەکۆمەڵانی هەراوی خەڵك دەکـەین کـە بەهۆشـیارییەوە پـڕۆژەی بـەرەی گـۆڕان هەڵبسـەنگێنن، دەوڵەمەندی بکەن‌و بەشداری تێدا بکەن.

شکۆداربێ ١٥ای ئاب ساڵڕۆژی راگەیاندنی رزگاری.
نەمری‌و سەربەزری بۆ شەهیدانی رێگەی سەربەخۆیی.
سەرکەوێ خەبات لەپێناو نیشتمانێکی سەربەخۆو گەلێکی بەختیاردا.

مەکتەبی سیاسی
حزبی رزگاریی کوردستان
١٥-٨-٢٠٠٦